پەیڤ

ئەڵقەی 24

نووسینی: ڤینۆس فایەق



## لە یەکەمینساڵیادی پەیامی کوردا ، سلاَوێکی هاوڕێیانە بۆ دانا عەلی سەعید

دەبوو بابەتی ئەڵقەی ئەمجارەی ئەم گۆشەیە هەفتە رابردوو بنووسیبا ، بەلاَم لەبەر چەند هۆ دواکەوت بۆ ئەم هەفتەیە..

ئەو رۆژەی پاش دابڕانی ماوەی نزیکەی 11 ساڵ هاورێ و هاوکارم کاک دانا عەلی سەعید پار مانگی حەوت بوو بە تەلەفۆن بۆ یەکەم جار پەیوەندی لەگەڵ کردم ، سەرەرای خۆشحاڵیم بەوەی دەنگیم پاش ئەو هەموو ساڵەبیستەوە ، کە ئەوەش لای من مانای ئەوەبوو کەوا گۆی زەمین زۆر بچووکە ، کیو بە کیو نەگات مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگات ، بەلاَم ئەوەی زیاتر شادی کردم ئەوەبوو مژدەی دەرکردنی رۆژنامەی پەیامی کوردی پێ راگەیاندم ، هەر ئەو شەوە نەمتوانی وەلاَمی بدەمەوە ، ئەوەبوو رۆژی دوایی وتووێژەکەمان تەواوکرد ، دیسان جارێکی دی دڵی خۆش کردم کە پێی راگەیاندم ئەوان حەز دەکەن وتارێکی هەفتانەم هەبێت لە گۆشەیەکی تایبەت بەخۆم ، ئەو داواکاریەی کاک دانا خستمیە بەردەم ئەرکێکی گەلێ مەزن ، ئەرکێکی ئەدەبی و ئەخلاقی و فەرهەنگی ، ئەرکێک بە هەموو پێوانەکان ئەچێتە قاڵبی خەباتەوە ، بەلاَم خەباتێک لە جۆرێکی دی ، خەباتێکی نوێ بەرەو قۆناغێکی تر لە دۆزی کورد لەرێی زمان و کولتوور و ئەدەب و رۆژنامەگەری کوردیەوە ، گرنگی و مەزنی ئەو خەباتە لەوەدایە ئەمرۆ رۆژنامەیەکی وەکوو پەیامی کورد لەگەڵ هەموو کەموکووڕی و ناتەواوی و کێشە و گیروگرفتەکان لەسەر پێی خۆی بوستێ ، بێگومان ئەوە لە خۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە لە بواری خزمەگەیاندن بە وشەی رەسەنی کوردی و لە تاراوگە ، هەموو ئەو بلاَوکراوانەی لەناوەوەی کوردستان بە چاپ ئەگەن بەلایەک و رۆژنامەیەکی وەکوو پەیامی کورد بەلاَیەک کە لە فراوانی هەموو ئەوروپا سەرجەم ئەرکی خزمەتکردنی وشە و زاراوە و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی گرتۆتە ئەستۆ ، جگە لە ئەرکە نەتەوەییە مەزنەکە کە لە سەروو هەموویەوە ئەوەستێ..

کاک دانا عەلی سەعید یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو رۆژنامەیە کە بە رۆحێکی بەرز و مەزنەوە چوو بەدەم پرۆژەکەوە و هەر ئەویش دانەمۆی رۆژنامەکەبوو لە رۆژەکانی سەرەتای دەرچوونیدا هەتا توانی بە سەرکەوتووی رۆژنامەکە لەسەر پێی خۆی راوەستێنێ ، هەر ئەویش بوو هانی هەموو ئەو قەڵمانەی دا ئێستا تیا کار دەکەن بێ وچان و ماندوو نەناسانە دەستبەنە دەست بۆ سەرخستنی پرۆژەکە ، هەر لێرەوە هەتا ئەو شوێنەی بە بێ دەنگی کاکە دانا عەلی سەعید کونجی بێ دەنگی گرتووە سلاَو ، سلاَو لە قەڵەمە نازدار و پڕ باوەڕەکەت ، باوەڕم وایە چۆن پاش دابڕانی 11 ساڵ لەپڕ گوێم لە دەنگت بوو هەرواش لە پڕ خۆت ئەکەیتەوە بە سەنگەری خەباتی پەیامی کوردا و ئەمجارە تۆ ئەڵێیتەوە سلاَو..